# گەشە و گۆڕانی فیکر و ئایدیا و ڕەنگدانەوەی لە شیعری پەشێودا

پ. د. عوسمان دەشتی

Osman.hamad@koyauniversity.org

009647504520769

سەرەتا:

مەسەلەی گۆڕان و پێشکەوتنی فیکر و باوەڕ و ئایدیای مرۆڤایەتی ڕابردوویەکی دێرین و دوور و درێژی هەیە. فیکر و ئایدیا هاوشان لە تەک مێژووی مرۆڤایەتی قۆناغ بە قۆناغ بەپێی سەردەمەکان پێشکەوتن و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تا دەگاتە ئەمڕۆ، واتە قۆناغی نوێ و هاوچەرخی مێژووی مرۆڤایەتی.

لەو ناوەدا نووسەر و شاعیران وەکو توێژی بیرمەند و ڕۆشنفکر و پێشڤەڕۆی گەل و نەتەوە، هەمیشە پێشەنگ بوون و بیر و ئەندێشە و تێگەهشتنیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە گەشە و پێشکەوتنی بەردەوامدا بوون، تا ئەو جێگایەی شاعیران بوون بە زمانحاڵ و بڵندگۆی ڕاستەقینەی دۆزی گەل و میللەتانی خۆیان لە هەر ناروودۆخ و سەردەمێکدا.

لەو نێوەندەدا (عەبدوڵڵا پەشێو)، ڕۆڵەیەکی وەفادار و بە ئەمەکی گەلەکەی خۆی بووە، بۆیە پێ بە پێی واقیع و ڕووداوەکان فیکر و باوەڕ و ئایدیا و ئەندێشەی لە بواری مێژوویی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گەشە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. واتە، ئەزموونی ئەدەبی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کامڵبوون و گەشانەوە هەنگاوی ناوە. لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدرێت گەشە و گۆڕانی فیکری لەلای شاعیر وەک ئەوەی لە شیعر و هۆنراوەکانیدا هەر لە دەستپێکەوە تا دوایی ڕەنگیداوەتەوە پۆلینبکەین. بە بۆچوونی ئێمە دەشێت سێ قۆناغ لە گەشە و گۆڕانی فیکری، لە ئەزموونی شیعری پەشێودا دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- پەشێو وەک شاعیرێکی چەپ و ئازادیخواز.
- پەشێو وەک شاعیرێکی نەتەوەیی ولاتپارێز.
- پەشێو وەک شاعیرێک خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ئایدیا و باوەڕێکی مرۆڤایەتی.

**یەکەم: ڕەنگدانەوەی بیری چەپ و ئازادیخوازی لە شیعری پەشێودا:**

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستدا شەپۆلی بیری چەپ و ئازادیخوازی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە نیشتیمان و لەناو گەلی ئێمەشدا لە هەڵکشان و بەرەوپێشچووندا بوو، هەروەها هاوکاتیش بوو لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەناو گەلانی ناوچەکەدا بە تایبەتیش گەلی کورد لە باششوری کوردستاندا، ئەمە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێنایە پێشەوە و کارێکی وایکرد کەوا بیری چەپ و پێشڤەڕۆ لەپاڵ بیری ڕزگاری و ئازادیخوازی بەیەکەوە موتوربەبکرێن و ببێت بە باوەڕ و ئایدیای زاڵ و باوی ئەو ڕۆژگارە.

پەشێو کە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، وەکو قوتابی و درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعر و ئایدیای گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) دەژمێردرێت. لە قۆناغی یەکەمی شاعیرێتیدا لەژێر کاریگەری ئەم بیر بۆچوونە سەردەمییانەدا بووە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. لێرەدا چەند نموونەیەک لە کۆشیعر و بەرهەمی شاعیر دێنینەوە کە ئاوێنەی ئەم جۆرە لە ئایدیا و تێفکرین و بیر و باوەڕەن:

- کرێکارین ، کرێکارین
پەروەردەی ئێش و ئازارین
ئارەقڕێژین
ژین دەنێژین
تاکو بژین

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٢٥)

- پێ ناکەنم
تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان
مامزی خەندە ڕاو دەکەن
بۆ لێوی لادێ و شارەکان
کە ئەوەم دی
ئەوسا منیش وەکو ئەوان
وەکو ئارەقەی ناوچەوان
لە ناخەوە پێ دەکەنم

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ١٣٠)

ئەمە نموونەی ئایدیای پشتیوانی و هاوسۆزی شاعیرە لەگەڵ چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی و لە خەمی یەکسانی و ئازادبوونیاندایە.

هەر لەم بوارەدا شاعیر باوەڕێکی ئەنتەرناسیونالیستیشی هەیە لە دژی زۆرداری و داگیرکردن و چەوسانەوە لە هەر جێگا و سەرزەمینێکدا هەبووبێت:

- ئەوسا بڕۆم
لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا
نەک هەر لەوێ
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما
لە ئەفریقیا قوڵە ڕەشا
لە ئێرتیریای بێ بەهارا
لە هەر خاکێک دۆلار بژی
بژێنمەوە سەد گیڤارا

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ١٦٦)

هەروەها لە دژی جیاوازی ڕەگەزیش (ئەپارتاید) دەجەنگێت و باوەڕی بە یەکێتی خەبات و چارەنووسی گەلان هەیە:

- ئەی لۆتەرکینگ
ڕەشی گزنگ
وا تێ مەگە، بۆیە لە ژین وا بێ بەش بووی
چونکە ڕەش بووی!
پێڵووی داخراو ببزوێنە
سەرنجم بدە
لەگەڵ  ئەوەی پێستەکەشم بەفر و خوێنە
هەر لەتێکم ئاوارەی ژێر ئاسمانێکە
گەنجینەی بێ سەر و شوێنە

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ١١٦)

شاعیر باوەڕێکی نەگۆڕ و تەواوی بە ئاینده و سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی گەلان هەیە لە دژی هێزی زۆرداری:

- هێزی زۆردار با گەورەش بێ
جڵەوگری ئەم دەورەش بێ
بڕوای ئێمە تێی دەئاڵێ
بەرەو نەمان ڕایدەماڵێ

چونکە هێزی مێژووی دوورە
شۆڕشە، دژی سنوورە

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٥١)

- گەر ڕەهێڵە بێ، بەردیش بباری
لە کێوی باوەڕ نایێمە خواری

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٩٠)

**دووەم: پەشێو، شاعیرێکی نەتەوەیی و وڵاتپارێز:**

لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا شیعر وەکو وێنە و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەیردەکرێت. شیعر بەرجەستەیەکی ڕوون و ڕاشکاوی ئەو بیر و ئایدیایانەیە کە لەو سەردەم و ڕۆژگارانەدا لە برەودا بوون. گەلی ئێمە لە بڕگەیەکی زەمانی زۆر ناسک و دژواری مێژووییدا، واتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لە بواری خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووسسازدا بووە. لەم لایەنەوە پەشێو هەرگیز لە کاروانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتیمانی کۆمەلگاکەی دانەبڕاوە. شیعر و بەرهەمەکانی شایەتمانی ئەوەمان بۆ دەدەن کە چۆن شاعیر بە فیکر و بە مێشک و بە دەمار و بە خوێن داکۆکیکاری سەرسەختی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بووە لە هەموو گۆشەیەکی نیشتیمانەکەیدا:

- هەستن هەڵۆی شاخان هەستن
لە هەستاندا ئێوە یەکن
یەک بیر، یەک ڕێ، یەک مەبەستن
هەستن هەڵۆی شاخان هەستن
لە هەستاندا ئێوە زۆرن
چل ملیۆن چاو، چل ملیۆن قاچ
چل ملیۆن مەچەک و دەستن
هەستن هەڵۆی شاخان هەستن

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٢١)

گوتاری ناسیونالیستی لە شیعری پەشێودا زاڵ و ڕوون و ئاشکرایە، تەنانەت فۆرم و ڕوخساری شیعرەکانیشی کە بە زمانێکی سادە و ڕەوان و ڕاستەوخۆیە، لە خزمەت ئەو باوەڕ و ئایدیا نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕزگاریخوازانەیەیە کە خراونەتەڕوو (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٤١٨):

- منداڵەکان
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن
ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن
ئێوەن سبەی
سنووری دەستکرد دەشکێنن
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن
ئێوەن سبەی لە قامیشلی
لە دیاربەکری شێخ سەعیدا
لە سلێمانی بریندارا
لە مەهابادی (قازی)دا
بەیەک فەلسەفە پێدەگەن
ئەوەی کوردبێ، نەوەی نوێ بێ
دەبێ توێشووی
ڕێی یەکێتی کوردی پێ بێ

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٢٢٥)

(وڵات) و (ئاڵا) و (کورد) وەکو سێ مۆتیڤ و سێ سیمبولی ئاکتیڤ، ئامادەیی بڵاویان لە ئایدیا و لە شیعری پەشێودا هەیە، بە نیشانەی حەز و ئاوات و تامەزرۆیی شاعیر بۆ نیشتیمان و بۆ ڕزگاری و بۆ نەتەوەکەی:

أ/ وڵات:

- لەم ژینەدا بە حەسرەت بووم
تەنیا ڕۆژێ
پێناسێکی زێدی خۆمم لە گیرفان بێ

- تەنیا شتێکم پێ بڵێ:
هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم

یاخود دەبمە خاوەن وڵات

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ١٥)

ب/ ئاڵا:

- دۆستەکانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاوێستا و بە خوا هەیە
هەزار هێندەش باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

ج/ کورد:

- لەدایک بن کوڕانی سەدەی ئاینده
هەڵۆیانی گەردنبەرزی کۆساری کورد
لەدایک بن هەڵگرانی چرای زەردەشت
پەریزادە و شۆڕەسواری دێ و شاری کورد
لەدایک بن ژەنگی مێژوو دابشۆرن
با گوێی دنیا بئەنگێوی بڕیاری کورد

(پەشێو(١)، ٢٠٠٦، ٤٤٨)

**سێیەم: پەشێو، شاعیرێک خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ئایدیای مرۆڤایەتی:**

لەم قۆناغەدا، بانگ و پەیامی شیعری لەلای پەشێو لە دەنگ و زایەڵەی نەتەوەیەکەوە تێدەپەڕێت و بەرەو پەیامێکی هەراوتر هەنگاودەنێت، ئەویش بانگ و هاواری مرۆڤایەتییە بە ئامانجی ئازادبوون و سەربەست ژیان.

ئەزموونی شاعیر لەم چل پەنجا ساڵەی دوایی بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە، ئامانجی سەرەکی شاعیر لەم قۆناغەدا پێشکەوتنی ژیانە، ناوەرۆکی هۆنراوەکانیشی هاندەری وای تێدایە کە دەبنە هۆی گەشانەوە و پێشکەوتنی ژیان (پەشێو، ١٩٦٨، ٧).

گەشانەوە و پێشکەوتنی ژیانی ملیۆنەها کورد وەک بەشێکی زیندوو لە ملیارەها مرۆڤی سەر گۆی زەوی:

- گریانەکەی من
بۆ زامی گەشی ملیۆنەهایە
گریانەکەی من ئەو گریانەیە
بۆ تەونی چرای چارەنووسێکە
بۆ چوار مێگەلە مامزی بەردەم لوولەی ساچمەیە

(پەشێو، ١٩٧١، بروسکەیەک)

لەلای پەشێو ئازادی و سەرفرازی هەموو گەلانی دنیا لە ئازادی و سەرفرازی گەلەکەیەوە دەسپێدەکات و هەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی بەشێکە لە زامنکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی گەلەکەی لە وێنەی هەموو گەل و نەتەوەکانی سەرزەوی کە شایانی مافی چارەنووسی و ئازادی بن (عاڵلایی، ٢٠١٦، ١٦٠).

- سەرکۆنەم مەکە
منیش وەکو تۆ گۆی زەوی ماڵمە
ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە
وەک تۆ خوا کردم
وەک تۆش دەمەوێ تا سەر خواکرد بم
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم

لەو کاتەدا هێمنی شاعیر (١٩٢١ – ١٩٨٦) بانگەوازی ویژدانی مرۆڤایەتی ڕادێڵێ و دەڵێت:

- شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە

(هێمن، ١٩٧٩، ١٨)

پەشێویش گوتوویەتی:

- چاو مەگێڕە
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا

ئەوەی بستێک خاکی نەبێت
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا

(پەشێو (٢)، ٢٠٠٦، ١٦)

کە شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠ – ٢٠١٣) نارەزایەتی لە ئاست پێشێلکردنی ماف و ئازادی مرۆڤ دەردەبڕێت و دەڵێت:

- مافی مرۆڤ
درۆیەک بوو
ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دەمی
هەڵەوەڕی مێژوو دەرچوو

(بێکەس، ١٣٩٤، ١٦٠)

پەشێویش خەون بە ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤەوە دەبینێت:

- شەو لە خەوما ڕێبوارێ بووم
بۆ بارەگای (یوتان) ئەچووم
کە دەروازەکەی قووتی دام
ڕەشم بینی ئاڵای هەبوو
سپیم بینی ئاڵای هەبوو
هەرچیم بینی ئاڵای هەبوو!

(پەشێو (١)، ٢٠٠٦، ٢٣٨)

لە دواییدا سکاڵا دەباتە بەردەم سازییە نێو نەتەوەییەکان و دەڵێت:

- تکا دەکەم لە یونسکۆ
لە دەفتەرە سوورەکەیدا
ناوی منیش تۆمار بکا
لە ڕاوکەر و بازرگانان
کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا

(پەشێو (٢)، ٢٠٠٦، ٣٠)

یان داد و بێداد دەکات:

- سەدان ساڵە
لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان
جووتێک سۆڵی پینە پینەم
کێ لە پێم کا بۆ ئەو دەشێم
سەدان ساڵە
دوای تڵیشێک فڕێ دەدرێم
سەدان ساڵە
دوای پینەیەک لە پێ دەکرێم

(پەشێو (٢)، ٢٠٠٦، ٦٧)

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی کەوا گەلی کورد لە ئاست مامەڵەی ناڕەوای زلهێزەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیان (پەیماننامەی ئاشتی و سیڤەر و لۆزان ...) دووچاری هاتووە، هێشتا ئەو باوەڕی بە ئایندەی مرۆڤایەتی هەیە:

- گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە
بەڵام دڵنیام
جیهانی سبەی گوشاد و ڕوونە
لەدایکبوونی منالم دیوە
قیژە و لینگکوتان
یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە.

(پەشێو (٢)، ٢٠٠٦، ١٢٤)

شاعیر لای وایە کە دەبێت پێوەر و پارسەنگەکان سەبارەت بە ماف و چارەنووسی گەلان وەکو یەک بن، نەوەک بانێک و دوو هەوا، لە هەر شوێنێک و بە جۆرێک:

- وا ڤێتنامیی
بۆ ڤێتنامیان سەر دادەنێن
فەلەستینی دەمرن، دەژین
بۆ هەر دڵۆپە ئاونگێ
بۆ هەر بەردێکی فەلەستین

ئەگەر منیش داوا بکەم
سەربەست بژیم وەکو پیاو
لە کوردستانێکی ئازادا
نەک لەتلەت و پێشێلکراو
بۆ شۆڤینی و خۆپەرستم
دە پێم بڵێ خۆشەویستم
بۆ شۆڤینی و خۆپەرستم

(پەشێو (١)، ٢٠٠٦، ٢٤٧)

**سەرچاوەکان:**


١. بێکەس، شێرکۆ، ١٣٩٤: من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ناوەندی بڵاوکردنەوە: نیشتمان – سنە.

٢. پەشێو، عەبدوڵڵا، ١٩٦٨، بتی شکاو، چاپی یەکەم، کەرکوک.

٣. پەشێو (١)، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤. پەشێو (٢)، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥. عالّلایی، زیاد نادر، ٢٠١٣، عەبدوڵڵا پەشێو، خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٦. عەبدوڵڵا، سۆران مامەند، ٢٠١٦، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ناوەندی ئاویەر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٧. هێمن، ١٩٧٩، ناڵەی جودایی، چاپخانەی (علاء)، بەغدا.